**ئەمەنستی ئەنتەرناسیۆنال ئامادەیە وەک چاودێر لەپرۆسەی لێکۆڵینەوە لەدۆسیەی سەردەشت عوسماندا بەشداری بکات.**

**خۆپیشاندانی لایەنە سیاسی وجەماوەریەکان لەسویسرا دوێنێ 18.5.2010 لە بەردەم بنکەی سەرەکی بەشی سویسرای ڕێکخراوەی ئەمەنستی ئەنتەرناسیۆنال ، بەڕێوەچوو.**

**پاش ئەوەی دەقیقەیەک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیان بەختکردوانی ڕێگای ووشەی ئازادو بیرکردنەوەی ئازادو ئازادی سیاسی. جەمال کۆشش، بە گەرمی بەخێرهاتنی لە ئامادەبوان ولایەنەکان کرد کە لەسەراسەری سویسراوە بەشدارییان بوو. وە گرنگی خەباتی جەماوەری و ڕیکخراوە نێونەتەوەییەکان بۆ گووشار خستنە سەر دەسەڵاتدارانی هەولێرو سەرۆکی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم وپارتی دیموکراتی کوردستان و وەزارەتی نێوخۆ و دام ودەزگا بەرپرسەکان ودەزگای پاراستن بۆ دادگایکردن و ناساندنی بۆ ڕای گشتی ڕوونکردەوە. پاشان هەر یەکە لەنوێنەرانی لایەنە سیاسیەکان وجەماوەرییەکان ووتەکانیان خوێندەوە کەبریتی بوون**




**1.ووتاری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی لەلایەن ئەحمەد عەلی سکرتیری فیدراسیۆن.**

**2.ووتاری ئەنجومەنی بزووتنەوەی گۆڕان لە سویسرا لەلایەن فەرەیدون حەمەڕەشیدەوە**

**3. ووتاری کۆمیتەی سویسرای حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق ، سەردار حامد ، سکرتیری کۆمیتە**

**4. ووتاری ڕێکخراوەی سویسرای حزبی شیوعی کوردستان لەلایەن باوکی ڕێگاوە، سکرتیری ڕێکخراو.**

**5. ووتاری چاودێری کوردۆ ساید-چاک /کۆمیتەی سویسرا لەلایەن هیوا ناسیح ەوە**

**لەهەمان کاتدا وەفدی لایەنەکان لەگەڵ بەرپرسی پەیوەندییەکانی ڕیکخراوەی ئەمەنستی ئەنتەرناسیۆنال کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا سەرەڕای ئەوەی یاداشتنامەیەک بەزمانی ئەڵمانی وعەرەبی درایە بەڕیزییان وە لەسەر چەندین تەوەرە گفتوگۆیان کرد.چڕترین خاڵەکان بریتی بوون لەوەی کە ئەوان کاریگەرتر**

بەشداری بکەن لە پاراستنی مافی مرۆڤ، وە لەڕێگای خۆیان وتێگەیاندنی بیروڕای گشتی یەوە، وە بەو تۆڕە فراوانەی کە لە پەیوەندییەکانیاندا  لەگەڵ ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکاندا هەیانە، دەتوانن جددی تر کاریگەری دابنێن لەسەر دەسەلاتی کوردی و سەرۆکی هەریم وپارتی دیموکراتی کوردستان. وە داوایان کرد وەک چۆن یۆنامی ئامادەیی خۆی نیشانداوە بۆ بەشداربوون لە لیژنەی لیکۆلینەوە، ئەوانیش ئامادەبن بۆ چاودێرکردنی پرۆسەی لیژنەکە ولیکولێنەوەکە. بەڕێز ئالان بۆفارد بەبەرپرسی مافەکانی مرۆڤە لەگەڵ دەولەتی سویسراو لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانیەکان، سەرەرای ئەوەی کەبەڵێنی دا کە ئەو مەسەلانە دەگەیەنێتە بنکەی مەرکەزی خۆیان لەلەندەن وە وەڵامی فەرمی ئەوانمان پێدەگەیەنێتەوە، وە دڵنییای وەفدەکەی کردەوە کە تەواوی توانایی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی ئەم دۆسیە کەلەلای ئەمەنستیش مێژووەکەی ڕوونە، بۆ تیگەیاندنی لایەنە جیهانیەکان وخۆیان بۆ کارکردن بۆ ریسواکردن وشەرمەزارکردنی ئەم تیرۆرە. پاشان ووتی بۆ ئەوەی بتوانین کاریگەریمان هەبێت، دەبیت ئەم مەسەلەیە بگەیەنین بەدەسەلاتدارانی ئەمەریکا. من ئەم مەسەلەیەش دەگەیەنمە بەشی خۆمان لەئەمەریکا. وە بۆ مەسەلەی بەشداریکردنمان لە لیژنەکەو لەپرۆسەی لێکۆڵینەوە، لەباری پرەنسیپیەوە، ئیمە هەر ئەوە ئاراستەمانە کە تاوانباران بەسزا بگەیەنین بەگوێرەی یاسا، وە خەڵک لەسەر بیروڕای سیاسی تیرۆرو ئازار نەدرێت. من پرس و ڕا بەهاوڕییانی لەندەن دەکەم و وەڵامتان دەدەمەوە.

پاش ئەوە نوێنەرانی لایەنەکان گەڕانەوە لای خۆپیشاندەران و گوزارشتیکی کورتیان لە کۆبوونەوەکە دایەوە بە ئامادەبوان. پاشان چەندین کەسایەتی جۆراوجۆر بەگێرانەوەی بەسەرهاتی خۆیان لەزیندانەکان، لەڕزگاربونیان لەهەولی تیرۆر، لەخوێندنەوەی چەندین ووتارو پارچە شیعر، لەهەواڵی گەورەبونەوەی ناڕەزایەتیەکان بەڕووی دەسەڵاتداراندا، دوای دوو سعات کۆتایی بەم ئاکسیۆنە پرشنگدارە هینرا.وە عەزم جەزم کردن تا دادگایی ئاشکرای بکوژان وتیرۆریستان سەردەشت عوسمان .سەڵاو هەزاران سڵاو لە ووشەی ئازادو قەڵەمی ئازادو سەردەشتی سەرکەش وگیانبەختکردوو ...نەنگی و شەرمەزاری بۆ تیرۆریستان وکۆنەپەرستان.

وە یاداشتەکە کە هاوپێچی ئەم ڕاگەیاندنە بڵاوی دەکەینەوە گەیەنراوە بەم لایەنانە:حزبی سۆسیال دیموکراتی سویسرا، گروپی دۆستانی کورد لە پەرلەمانی سویسرا، کۆمەڵگەی بەرگری لەنەتەوە چەوساوەکان، نوێنەرایەتی حکومەتی هەریم، سەفارەتی عیراقی لەسویسرا.

لایەنەکان :

1.فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی لەسویسرا

2.ئەنجومەنی بزوتنەوەی گۆران لەسویسرا

3.حزبی شیوعی کوردستان/ریکخراوەی سویسرا

4.حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق/کۆمیتەی سویسرا

5.چاودێری کوردۆ ساید-چاک /کۆمیتەی سویسرا